# بەشی پێنج لە رۆمانی(فەرهادێکی تر)

**غەفور ساڵح عەبدوڵا**

***(6)***

*ئەم پارچە زەویەدا،پارچە زەویەك بە قوروخشتی سەرجەم خورافاتەكان دیوار بە دیواری هەڵچنرابی،پێكەنین وگریان لە دوو سەرچاوەی جیاوازەوە هەڵدەقووڵێن،گریان هۆو مەبەستی بۆنیە،هەمیشە وەكو برسیەتی و جنێو حازر بەدەستە،وەلێ پێكەنین دەبێ هۆی تایبەتی خۆی هەبێ،ئەگینا بەزەحمەت لە گەروو دێتە دەرەوەو دەنگ دەداتەوە، لێی دەترسن وزەندقیان لێی دەچێ ،ئەگەر هاتوو بەبێ هۆ پێبكەنن،دواجاریش پەشیمان دەبنەوە ودەچن لەلای مەلاو جادوبازەكان دوعا ونووشتەی بۆ دەكەن،یان دوو ركات نوێژی بۆ دەكەنە قەزاوەگێر،خۆیشی یەكێكە لەوانەی كە نازانێ پێكەنین هۆ ومەبەستی چیە ،ئەگەریش پێبكەنیت لاسایی كەسانی دیكە دەكاتەوە ودەم دادەبچڕێنێ ودانە زەرد داگراوەكانی دەباتە ریچەوە..سالار بەدەم سووردانی میلی رادیوكەوە ئاژاوەێكی گەورەی لە ژوورەكەدا بەرپاكردبوو،كونە وردودرشتی دیوارەكانی دەپەستانەوە،ئەویش ژاوە ژاوەكەی دەدایە دەستی تاریكی ناو چیمەنەكە وتارماییەكان لە پریاسكەیان دەنا و بەرەو شوێنێكی نادیار دەیاندە بەكوڵەوە.دەنگێكی لرخن لە رادێوكەوە بەرزبووەوەو كردیە گاڵەگاڵ و،نووسشتی دەكرد بە سەركەوتن و،خوێن رشتنی وپیاوكوشتنی دەكرد بە گەمەو سەما وگۆرانی وناڵەی بومب و رۆكیتی دەكرد بە ئاوازی سەمفۆنیا وپەلەقاژەیٚ ی مەرگیش دەكرد بە سەمای باڵێ..*

*–دەڵێن سوپای عیراق هێرش دەبا وخەریكە (خوورەم شار) داگیردەكات..*

*–مەسەلەی شەری عێراق وئێران شێوە كارەساتێكی دەرەكیە وهیچ لە مێژوو ناگۆڕیت ،وەكو جەنگی جیهانی دووەم كۆمەڵێك كارەسات دەنێتەوە و لەوانەیشە ئەنجام ببێ بە هۆی دابەشكردنی چەند زەوی و ولاتێك..یاخود ببێ بە ماندەرێك بۆ ئەوەی مرۆڤی ئەم وڵاتە هەتا هەتایە ،تەنانەت رقی لە جەنگی پارتیزانیش بێتەوەوبروا بەوەش بێنێ كە ئیمپریالیزم گەلێ لە حكوومەتە خوماڵیەكان چاكترە..*

*سالار،رادێوكەی كپ كرد وبەسستیەوە لەسەر قەروێڵەكە داینا.*

*–ئەی تۆ قەت بیرت بو ئەوە ناچێت كە ئەم جەنگە ئەنجامێكی راستەوخۆی ئاشبەتاڵی شۆرشی ئەیلول*

بيت؟.

–له راستی من و تۆ لەسەردەمی شۆرشی ئەيلوول تا رادەيەك هەرزكار بووين,نه تامی شۆرش و نـەتامی ئاشبەتاڵیش بە تەواوی نازانين،هيندەش سەرمان لەكەم كوری دەرهاويشتەكانی دەرناچێت،تەنها لە دەمی كەس وكارمانەوە نەبێت هيچ زانياريەكی ئەوتۆمان نيە.يان چاكتر بە بيرێكی كارامە وفراوانەوە ئاگاداری رووداوەكانی نەبووين،ئێستاش وەكو مێژوو ئەيگێرنەوە،بەلاّم هەست بە مەرگە ساتێكی گەورە ئەكەين ، چونكی ميژوويەكی سەختيان خستە ئەستومان..

–ويستيان هەڵە بە هەڵە چاك بكەن،كە ئەمشيان مەحالەو لەدوای خۆی مەرگەساتێكيی تـر بـەجێ ديلـی ،وەكو ماڵی هەتيوو بەش كەن وايە وئەنجاميش بە بەركەس نابريت.لە راستی دا مل ملانێ ی ئێمه لەگەڵ كەس و تاقمێك نيه،بەلكو مل ملانێی نێوان دوو بيرو بـاوەری جيـاوازە ،بگـرە لـەوە دوورتـريش بـرۆ.مـل ملانێی دوو مێـژووی جياوازە ،ئەمانـە هينـدێ شوفێنيست ئەيانـەوێ دەسـت بـە سـەر ميـژووی هـەموو ميللەتانی دراوسيدا بگرن ووا ئەزانن بۆيان ئەچێتەسەر..

–هەست ناكەيت ئەمەيان ئارەزوی تاكه كەسێك بيت؟

–نەخێر ،چونكه هەميشه تاكه كەس رەنگدانەوەی بيروباوەرێكی كۆنەو لەو تاكەكەسه دا سەر هەڵئەدا

–مەبەستت وايه داگيركردنەكانی عەرەب بو وڵاتانی ديكه بـەناوی ئـايينی ئيسـلامه لـەوەوە سەرچاوەی گرتووە؟!

– بەڵێ ،ئەوان ئەڵێن ئێمه ئيسلاممان بە زەبری شمشير بڵاوكردەوە،كە لەگەڵ خۆيدا كەلتووری عەرەبی لە ناوچە داگيركراوەكان بلاّوكردەوە،بگرە بووە هۆی ئەوەی هەندێ ميللەت ئاسواريان بسرێتەوەو ببن بە عەرەب!وەكو ميسريەكان وئامازيغيەكان وميللەتانی باكووری ئەفريقياو فينيقيەكان ورۆميەكان لە لوبنان وسوريا..

–واتە ئێستاشيان بەردوام دانە بەو بيروباوەرە!!

–بەڵێ..

–بۆيان ناچێتە سەر..

–بەڵام مێژووی هەندێ له ميللەتان تا رادەيەك ئەشێوێنن وكەلتوری بيابان وحوشتر تاماوەيەك بەرقـەرار دەبێ..

****

زۆرجار پەروێز وفەرهاد بۆ پشوودان لە گوندێك یان لەبارگایەك دادەنیشتن ودەكەوتنە دەمەتەقێ ی كتێب خوێندنەوەو بابەتەكانیان باس دەكرد،فەرهاد كەسێكی رۆشنبیرو سەر بە تەووژمی بوونگەرایی بوو،هەرچی كتێبەكانی (سارتەر)وشیعرەكانی(بۆدلێر) ورۆمانەكانی (ئەلبێر كامو)ی هەموو خویندبوەوە،بویە زۆرجار دەگیشتە تینی ودەیووت:

–پەرۆیز،تەقەلای ئێمە وەكو تەقەلای سیزیف وایە.

ئەویش چونكی هەرزەیەكی ماركسی بوو،بویە لێی دەپرسی:

–سیزیف كی یە؟

ئەویش بە زەردەخەنەیەكەوە وەڵامی دەدایەوە:

–كابرایەكی شارەزووری بوو،لە دێر زەمان خوا سزای دابوو،بەوەی دەبێ تاشەبەردێك بە پاڵدان سەر بخاتە سەر پیرەمەگروون،بەڵام ئەویش هەركە سەری دەخست بۆ لووتكە لەوێوە غل دەبوەوە بو ناو دۆڵەكە وئیتر تا رۆژی قیامەت ئەمە ئیشی ئەم كابرایەیە..

ئەویش لێی پرسی:

–بۆ فەرهاد تۆ بروات بە قیامەت ومیامەت هەیە؟

–شتێكە هەندێ كەس بۆ دڵدانەوەی خۆیان خستوویانەتە دەمی خەڵكی،ئەگینا گیان لەبەر نیە لەم كەونەدا بمرێ وجارێكی دیكە زیندوو بێتەوە! خۆ دنیا فلیمی كارتون نیە..

–دۆستۆیفیسكی ئەڵی ئەگەر خوا نەبێ هەبوو شتێ حەڵاڵە!!

–ئاخر ترسەكە لێرەدایە ،خەڵكی نەفام بروایان بە خواو قیاماتیش هەیە،كەچی خراپە وتاوانی وا ئەكەن زۆر قێزەوەنە،بەلام خەڵكی رووناكبیر ئەگەریش بروای بەوە نەبێ بەقەرەی خراپەدا ناچێت ،چونكی یاسایەك هەیە لەسەر زەوی لێی ئەپێچێتەوەو سزای دەدات.دواجار مەسەلەی ویژدانیش گرنگە ،مرۆڤی ئاقڵ وروناكبیر ویژدانی خۆی بۆ هەموو شتی دەكاتە حەكەم..

دیسان پەروێز بە وریابوونەوە پەلەی كرد و وتی:

–بابیرم نەچێتەوە،ئەو كابرای سیزیفە بۆ واز لەو سەریەشەیە ناهێنێ و بچێ لە ماڵەوە بۆ خۆی دانشێ؟!

ئەویش وەڵامی دایەوە:

—ئەی بۆ من وتۆیش واز لەم کاسبیە ناهێنین وبچینەوە ناو ماڵ وکەس وکاری خۆمان باشتر نیە؟!
بۆیە پەرویز لێی توورە بوو وتی:
—تو بە کەڵکی پێشمەرگایەتی نایێت ،هەر بۆ جاشی باشێت!
ئەویش دەیدایە قاقای پێکەنین ودواجار بێدەنگ دەبوو نەیزانی چی لەتەك چەپرەوێکی هەرزەی وەکو ئەوا بڵێیت.

(7)

ئەوەتا لەو ئاوێنە چکۆڵەی بەردەمی تەماشایەکی سەر و رووخساری خۆی کرد ،هەروەها لۆچەکانی نێوچەوانی و ،ئەوانەی کە دەوری هەردوو چاوە هەڵزەپاوەکانیان داوە،تاك وتەراش مووی رەش لە قژو ردێنەکەیدا ماوە،بینایی کزبووە،ماکی هێندە نەخۆشی دیارو شاراوە سەری لێ هەڵداوە،ئەژنۆکانی شل بوون،بەدبەختە تامی خۆشی ژیانی نەکرد،دەپرسێت دەبی تامی چۆن بێت ،ماچی شاژنێك بێت،یان ژەمێك لەوەراندنێکی چەور بێت؟یان بەدمەستی و درۆکردن بۆ کیژە حەیشەری و ژنە قەیرە وبیوەژنەکان بی؟.تەنانەت لە لای (هەنار)یش راست گۆ بوو،بەر لەوەی (ئاسکول)بخوازێت لە کولیج پەیوەندی خۆشەویستی لە گەڵ (هەنار)دا هەبوو،ئەو درۆی بۆ دەکرد و (فەرهاد)یش پێی نەدەزانی، تازە زەحمەت بوو درۆ فێر بێ ،چەندین ساڵ کێوی بوو،هەنووکە راست و درۆ لە یەك جیا ناکاتەوە:(لە ئاوێنەکە هێندە لە خۆت وورد مەبەرەوە،نەبا ئاوێنەکەش رقی لێت هەڵسێت وخۆی ووردوخاش کات و چەند پریشکێکی بەرت کەوێت وخەڵتانی خوێن بیت).
(هەنار ) راستی دەکرد و دەیووت :(ئای کە سەرسەختی ،ژیانت سەختە و لە گەڕاندا دەمری).ئای کە سەرسەخت وبێ دەربەست بوو، خۆیشی نازانێ بە چ کلوجێ ئەم تەمەنەی بردوەتە سەر،هەربۆ خۆخڵافاندن وفیز مرخی لە چەند کیژێکی کولیژەکەیان خۆش کردبوو،یەك دوو کیژیش دیاربوو مرخیان لەو خۆش کردبوو،(هەنار)یش بەوەی دەزانی و خۆی لێ گێل کردبوو،وەك بڵێی دڵنیا بوو،کە هەر بۆ ئەو بەرگەشت دەبێتەوە،مەست ببوو،مەستی شتێك لەسەرەوەی خۆزگەو هۆشیەوە بوون،بەشەو وبە رۆژ جەستە و مێشکی گوشار دەدا ،وەکو کرم برە دەیکرماند،ئۆقرەی لێ بریبوو ،هەستی بە هیچ ئازارێکی دیکە نەدەکرد،جگە ئازاری تلانەوە نەبێت،ئەشقێکی سەیر ودانسقە بوو،گڕی لە هەناوی بەر دابوو،نەشیدەپرسی ئەم ئەشقە لە پای چی وبەرەو کوێی دەبات؟! لەچ هەڵدیر و هەزار بە هەزارێکدا

دەیکاتە خۆراکی قەل و داڵاشان.

تاجارێکیان (هەنار)پێی وت:(تۆ زۆر کەللەشەقی بیروباوەری خۆتی ،هێندە توندرەویش مەبە!تۆزیك ئاوور لە خۆت بدەرەوە،لاوێتی و جوانی خۆت بەهەدەر مەدە،دواجار پەنجەی پەشیمانی دەگەزیت)..

لەبەر ئەو قسەیە زۆر توورە بوو ،دەهری بوو،هەستی دەکرد کوفرێکی گەورەی کردوە ،چاوێکی بە دەوری خۆیدا گێڕا ،لەو ناو چیمەن وباغە تەریکەی پایتەخت ،هەستی دەکرد کەسیان لێوە دیار نیە ،هەتا خۆی بگرێت شەقازللەیەکی کێشا بە روومەتە خرپنەکەی لای چەپیەوە،(هەنار) سووکە لەترێکی دا،پرچەکەی لەبەر ئەو تەکان و لەترە بەسەر دەم وچاویدا پەرێشان بوو، سۆزی ئەشقێکی شێتانە راپێچی کرد،کە بە جووتێ چاوی ئەبڵەق و پەشۆکاوەوە ئاوری لێی دایەوە،گلەیێکی خەستی پڕ بەزەییانە وەکو عەقیق تیا دەدرەوشایەوە،هێندەی دیکە قەشەنگێکی خوداوەندیان دەنواند،قەدەرێك تێراما ،هیچی نەووت ،وەك بڵێی دڵی بەسەر لێشیواویەکەی دەسووتا،وەلێ هێندەی زانی (هەنار) لەپرمەی گریانی دا وسەری خۆی هاویشتە سەرسنگی (فەرهاد) وبە کوڵ هەنیسکی دەداو هیچی نەدەووت،ئەویش بە سۆزێکی سەرەرۆییانەوە بە توندی سەری گوشی بە سنگی خۆیەوە، لەوێ بۆ جاری یەکەم تامی پەشیمانی چەشت،لەگەڵی دا دڵی بەخۆی سووتا ،بۆ وا دەکا؟تۆڵەی ئەشقێکی دەروێشان بوو،خۆزیای دەکرد ئەو دەستەی ببرایەتەوە ،بەڵام جورئەتی نەبوو،تا دەمەوئێوارەیەکی درەنگ لەوێ مانەوەومتەقیان لێوە نەهات،نەیانزانی بیر لە چی دەکەنەوە،یان هەموو بیرکردنەوەێکیان لەبیر چووبوەوە،جگە ئەوە نەبێ گوێیان بۆ جووکە جووکی پاساری لە سەرما هەڵنشتووی سەر درەختەکان هەڵخست ،سەمفۆنیایەکی دڵتەزینی ئەبەدی بوونیان جۆش دابوو،بۆیە لەناخیشەوە نەفرەتیان لە بوونی خۆیان دەکرد،نازانێ ئەو ئێواریەش چۆن لەیەك دابران ،ئیدی ئەوە دواجار بوو ،(هەنار)ی بینی،لەوانەیە هەنووکە بیبێنێت نەیناسێتەوە.هەر رۆژێك دوای ئەوە ،گەرچی لەمێژبوو بریاری خۆی دابوو،وەکو شوێن پێ رێبوارێکی شەکەت ،کۆمەڵێك حەسرەتی بە دوای خۆیەوە بەجێهشت و،بەرەو هەوارگەی مەبەست رێگای هات ونەهاتی گرتەبەر ،تەنانەت ماڵئاوایی لە کەس وکاریشی نەکرد،جا ماڵئاوایی ئاوها سەرەروییانە چ پێویست دەکات؟.هەموو کەس وکاریشی تەنیا پیرێژنەکەی دایکی و باوکە پیرەکەی بوو،دایکی ژنێکی کڵۆڵ بوو ،نەك لە مێردەکەی بگرە لەمیش زراوی دەرژا،کراسێکی ترسی لەبەر کردبوو،بە ساڵیش بۆ شووشتن لەبەری خۆیی داینەدەماڵی.باوکیشی بە سووکە تەقاویتیەکەی شارەوانی دەیانجار سوپاسی خوای

دەکرد،ماوەی بیست ساڵی رەبەق،بەگەرماو سەرما شەقام وگەڕەکە لەوتاوەکانی کەرکوکی بەدەم قەتار و ئەلاوەیسیەوە ،بەدەنگێکی نزم دەماڵی.زۆرجار شەوان هەرکە لە ژماردنی رۆژانەی پارەکەی دەبوەوە،کە لە سەنووقێکی بچووکی ئاخنی بوو،دەستی دەنایە بنە گوێیەکانی و وەکو(سەی عەلی ئەزغەر) تێی دەچریکاند،پولی لە سەر پول دادەنا وئەو دایکی دەچەوسانەوە :(نیمە ،لە کوێ بێنم ؟ڕێ ی ماڵی خوام لەبەرە...!!).وایدەزانی حەج کردن بۆ (مەکە) لە فەرزەکانی ئیسلامەو،لەوێ گوناحەکانیان دەدەنە دەم گەردەلوولی بیابانی دوورگەی عەرەبەوە،نەیدەزانی کە سەدان ساڵ پیش هاتنی ئیسلام ،بتپەرستەکانی عەرەب دەچوون لەدەوری کەعبە دەسوورانەوەو پێیان دەووت حەج.پێغەمبەری ئیسلامیش بۆ دڵ راگرتنی بازرگانەکانی قورەیش وبتپەرستانی عەرەب ،ئەو حەج کردنەی ئاوەدیو کرد بۆ سەردەمی خۆی وئیسلام.باوکی پارووی لەدەمی ئەمان دەگرتەوەو دای بە کەشیدەیەکی رەنگ هیلکەورونی.وایدەزانی لەرۆژی قیامەت ئەو کەشیدەیە دەکاتە فەرشیبا و بۆ بەهەشت پێی دەفرێت!!.

خێزانەکەیان لە دوو ژوورو بەردالانیك دەژیا،پەنجەرەکانیان دەکەوتە سەر رێگا تەریکەکەی قەراغ قەڵاکەوە،پەنجەرەکانیشی لەو جورە پەنجەرانە بوون،تەمەنیان دەگەرایەوە بۆ دوو سەد ساڵ لەوەبەرتر،لەوانەیە وەستایەکی جوولەکە یان وەستایەکی عوسمانی درووستی کردبن،هەر بەو دارو بارەی خویان مابوونەوە،زۆر شتی سەیر وسەمەرەبە سەر دیواری ژوورەکان وحەوشەدەدا هەبوون،یان نەخش کرابوون ،یان هەلۆاسرابوون.دنیایەکی پڕ لە خورافاتیان دەخستە بەرچاو ،لەبەردەم هەر ژووریك یان سەری بزنە کێویەکی شاخدار ،یان سەری کەمتیارێکی مێینە هەڵواسرابوو.سەری بزنە کێویەکە واتای وەحشەت وبەهێزی وزۆر نهێنی تری ژیانی ئەو خەڵکە سادەییەی دەبەخشی،سەری کەمتیارە مێیەکەش وەکو باوکی دەیووت،کەمتیاری مێینە واتای ئەوەیە ،گوایە هەرکەس بهاتبایە ئەو حەوەشەوە هیچی لە دڵ نەدەما ،لێیان خۆش دەبوو:

– ئەی نەتبیستووە دەڵێن فڵانە کەس ئەوەندە زوو بەگیرت ئەهێنێت هەر ئەڵێی قوزە کەمتیاری پییە!

یان هەندێ وێنەی دەستکرد بە دیوارە چڵکنەکانەوە مت ببون، وێنەی پیاوێکی زەبەلاح و قەوی وقوڵ وسەروبەست سەوز ،تا ئەژنۆی بە پێستەی پڵنگ پێچرابوو،بە دەستی راستی شمشێرێکی هەڵگرتبوو،کەللەی زەلامێکی سەربراویش بەدەستی چەپیەوە بوو ،بە جوامێریی و لە خۆبایی راوەستابوو،جەستەی کابرا سەر براوەکەش لەزەویەکەدا لە خوێنی خۆی گەوزابوو،هەندێ ژنی

***جادوبازیش دەوری تەرمەکەیان داوەو حەیشەریانە دتریقێنەوە..***

***ئەمە مێژووی دوورگەی عەرەب دەگێرێتەوە،بە ناوی ئیسلامەوە پیاویان دەکوشت وژنەکەیان مارە دەکرد،خالیدی کوری وەلید ،مالیك کوری نوێرەی کوشت بۆ ئەوەی ژنەکەی داگیر بکات،چونکی ژنەکەی زۆر جوان بوو.خالید لە شەوو رۆژێکدا لە پیاوکوژێکی سەردەمی بتپەرستەکانی عەرەبەوە بوو بە غەزاچیەکی سەردەمی ئیسلام،دوای ئیسلام بوونی خێڵێکی قەتل وعام کرد ،چونکی لەسەردەمی بت پەرستیدا مامێکی ئەویان کوشت بوو،کەسیش پێی نەووت برۆ بەسەر چاوتەوەیە!.***

***ئەو وێنەیە مێژوویەکی رەشی هەتا هەتایی دوورگەی عەرەبان دەگێرێتەوە..***

***(ماوێتی)***